گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیوەندی ژیانی شارنشینی بە گەشەکردنی خۆپەرستی
## (توێژینەوەیەکی شیکردنەوەی شارە)

**د. عبدالله اسماعیل حەمەد**
بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،هەرێمی کوردستان ، عێراق
abdulla.hamad@su.edu.krd

**م.ی. کامران جوهر عبدالله**
بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
kameran.abdullah@su.edu.krd

**زانیاریەکانیتوێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٤/١١
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٥/٢٣
بڵاو کردنەوە:هاوین٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Urbanism & Urbanization- Urban Life - Growth- Selfishness- selfish*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.22

**پوختە**

ئامانجی توێژینەوەکە بۆ دەرخستنی (کاریگەری بارودۆخی ئابووری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی شار لە گەشەکردنی خۆپەرستیدا). لەم توێژینەوەیەدا توێژەران بەدوای دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی سەربەخۆی وەك (ژیانی شارنشینی) و گۆڕاوی وابەستەی وەك (گەشەکردنی خۆپەرستی)دا دەگەڕێن. توێژینەوەیەکی شیکارییە، بۆیە توێژەران پشتیان بە میتۆدی شیکاری (Analytical Method) بەستووە. گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوون بریتین لە:

1. دەرکەوتووە بارودۆخی ئابووری کاریگەری لەسەر گەشەکردنی خۆپەرستی هەیە. لە خاوەندارێتی تایبەتیدا ئامانجی تاکی سەرمایەدار دەستکەوتنی زۆرترین قازانج و هێنانەدی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیەتی، ئەوەش کەسایەتییەکی تاکڕەو سوودگەرا و چاوچنۆك و خۆپەرست پێدەگەیەنێت.
2. دەرکەوتووە گۆڕانی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر گەشەکردنی خۆپەرستی هەیە، کە بەرئەنجامی پێکهاتنی بەهاو پێوەری نوێیە کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە سایەی خاوەندارێتی تایبەتدا، کە تیایدا هەستی چەوساندنەوە و خۆسەپاندن زیاد دەکات، مرۆڤ بەرەو خۆپەرستی دەبات.

3.دەرکەوتووە شار ڕۆڵی لە گەشەکردنی خۆپەرستیدا هەیە، ڕەهەندەکانی وەك (پیشەی جۆراوجۆر، ئاراستەی جیاواز، نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لاسایکردنەوە، خاوەندارێتی تایبەتی، ململانێ، هزری تاکگەرایی، بێ متمانەیی، بەکاربردنی ڕواڵەتی) لە تایبەتمەندییەکانی شارە، کە دەبنە هۆی گەشەکردنی خۆپەرستی.

## پێشەکی:

خۆپەرستی بابەتی زۆربەی تیۆرییەکانی ئاکاری مرۆڤە. چەمکە کلاسیکییەکانی خۆپەرستی لەڕووی بایۆلۆژیای پەرەسەندنەوە (واتا تیۆری بۆماوەیی خۆپەرست)، لەڕووی دەروونناسییەوە (دەروونناسی خۆپەرست)، لەڕووی ئابوورییەوە (بەرژەوەندی خۆپەرست) بەشێوەیەك لە شێوەکان کەم تا زۆر گرنگی بەو چەمکە دراوە. لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا ئەوەی بۆمان گرنگە ، ئەمانەوێت لەڕووی کۆمەڵایەتیی ئابوورییەوە لە ژیانی شارنشینیدا بایەخ بە خۆپەرستی بدەین، هەوڵدەدەین لەڕوانگەیەکی بەرژەوەندی خوازانەوە چەمکی خۆپەرستی وەك بنیاتنانی کۆمەڵایەتی ئابووری و خۆویستی و بەرژەوەندی خوازانەی تاکەکەسی لە ژیانی شارنشینیدا شیکار بکەین، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی لەچوارچێوەی کۆمەڵناسی و بەتایبەتیش لە بواری کۆمەڵناسی شار دایە. لەم ڕوانگەیەوە خۆپەرستی لە مرۆڤی بەرژەوەندی خوازی شارنشینیدا هەستی پێدەکرێت، کاتێك خواستێکی تایبەتی بۆ سوودی خۆی هەبێت، لە کاتێکدا کە خواستەکانی ئەوانی دیکە و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییە باوەکانی دۆخەکە پشتگوێ دەخات. ڕێگریکردن لەم جۆرە خۆپەرستییە ئابوورییە لە ژیانی کۆمەڵایەتی کەسانی شارنشینیدا زۆر گرنگە، چونکە بەئاسانی یەکێتی کۆمەڵایەتی لەشاردا دەپارێزێت. ئەم چوارچێوەی خۆپەرستییە تێگەیشتنێکی دەوڵەمەندتر لە سرووشتی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤی شارنشینی دەخاتە ڕوو. هەروەها شیکردنەوەی خۆپەرستی لەڕوانگەی ئابووری و سوود و بەرژەوەندخوازییەوە دەتوانێت پەرە بە بەراوردکردن و نزیککردنەوەی توێژینەوەی زانستە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیاوازەکان سەبارەت بە خۆپەرستی بدات، هەروەها تێڕوانینێك کە ببێتە هۆی ڕێگریکردن یان چاککردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی خۆپەرستی دروست بکات.

## بەشی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکەکان:

### باسی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:-

### 1. کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە پرسیارێك یان چەند پرسیارێك کە لەلایەن توێژەرانەوە دەکرێت. لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێکی توێژینەوەدا دوو هۆکاری (خۆی) و (بابەتی)یانە ڕۆڵی خۆیان دەبینن، لەوانە: ویستی توێژەران ئەوەیە ئەیانەوێت دەرهاوێشتەکانی خۆپەرستی لە کەسایەتی مرۆڤی شارنشینیدا بزانن. هەست بە مەترسییەکانی خۆپەرستی لە هەرێمی کوردستاندا دەکەین، هەروەها توێژەران ئەیانەوێت دەرهاوێشتەکانی ڕەفتارە خۆپەرستییەکان لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژیانی شارنشینی بخەنەڕوو. لەلایەکیتریشەوە کۆمەڵگە پێویستی بەوە هەیە کە هۆکارەکانی خۆپەرستی بزانێت و چارەسەری گونجاویشی بۆ بدۆزێتەوە بۆئەوەی داواکارییەکانی کۆمەڵگە بەدیبێنێ.
لەم چوارچێوەدا گرفتی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە؛ ئایا ژیانی شارنشینی پەیوەندی بە گەشەکردنی خۆپەرستییەوە هەیە؟.

### 2. گرنگییەکانی توێژینەوەکە:

گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەنەوە دەردەکەوێ کە بریتیین لە:-
أ) گرنگی لایەنی تیۆری: ئەم توێژینەوەیە لەڕووی زانستییەوە گرنگییەکەی ئەوەیە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو خوێنەر و توێژەر و پسپۆڕانەی کە دەیانەوێت زانیاری دەربارەی پەیوەندی نێوان ژیانی شارنشینی و گەشەکردنی خۆپەرستی بزانن.
ب) گرنگی لایەنی پراکتیکی: ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆئەوەی سنورێك لەبەردەم پەروەردەیەکی نادروستی مرۆڤی خۆپەرست دابنێت، ئەویش لەڕێگەی بەدەمەوەهاتنی کێشەو گرفتەکانی شارنشینی

کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی کەسایەتییەکی خۆپەرست لە لایەکەوە، لەلایەکتریشەوە کار بۆ دابەشکردنی سامان و دەرفەتی کار بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بکرێت.

### 3. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی پەیوەندی نێوان ژیانی شارنشینی و گەشەکردنی خۆپەرستی بزانین. ئەو ئامانجە سەرەکییەش چەند ڕەهەندێکیتری کردۆتە ئامانجی توێژینەوەکە کە بریتین لە:

أ- کاریگەری بارودۆخی ئابووری لەسەر گەشەکردنی خۆپەرستی.
ب- کاریگەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەسەر گەشەکردنی خۆپەرستی.
ت- ڕۆڵی شار لە گەشەکردنی خۆپەرستیدا.

### 4. میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران بەدوای دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی سەربەخۆی وەك (ژیانی شارنشینی) کە ئەمانە دەگرێتەخۆ وەك (بارودۆخی ئابووری، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی شار) و گۆڕاوی وابەستەی وەك (گەشەکردنی خۆپەرستی)دا دەگەڕێن. بۆیە توێژەران پشتیان بە میتۆدی شیکاری (Analytical Method) بەستووە کە زیاتر وسفی توێژینەوەی زانستی بەسەردا پڕاکتیزە دەبێت، چونکە بەتەنها (وسفی) دیاردەکە ناکات، بەڵکو هۆکارەکانیشی شیدەکاتەوە.

## باسی دووەم : پێناسەی چەمکەکان

### 1. شارنشینی Urbanization & Urbanism

شارنشینی دوو واتای هەیە (بەشاری بوون) و (لەشاردا بوون). ئەم چەمکانە زۆرتر لایەنی جوگرافییان هەیە نەوەکو کولتووری، بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی لادێیی لە شاردا نیشتەجێ بێ بە شارنشین ناودەبرێ. هەروەها فەرهەنگی لارووس لە ساڵی (1927)دا شارنشینی بە کۆمەڵێك ڕێسا دەزانێ کە حکومەت بۆ بەکارهێنانی زەوی شار کەڵکی لێ وەردەگرێ، هەر هەمان ئەم فەرهەنگە لە ساڵی

(1962)دا شارنشینی بە هونەری بەڕێوەبەری و ڕێکخستنی دانیشتوانە مرۆییەکان پێناسە دەکات (ڕەبانی، 2013: 28-31). یاخود بریتییە لەو ئاڵوگۆڕەی کە بەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیان و هەڵس و کەوتکی دانیشتوان دادێت، لە ئەنجامی ئەوەی تەکنیك بۆ ناو کار و ژیانی ڕۆژانەی خەڵك هاتووە بەواتایەکیتر ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە چالاکییەکانی دانیشتواندا و جۆرایەتی ژیاندا ڕوودەدات (غەفور، 2017: 18). دانیشتوانی شارەکان (شارنشینی): ئاماژەیە بۆ ئەو دانیشتوانەی کە لە ناوچە شارییەکاندا دەژین. ئەو ناوچانەی کە دەکەونە ژێر پێناسەی (ناوچەی شار) .(Kushwaha, without the year: 4)

پێناسەی ڕێکاری بۆ شارنشینی: شارنشینی بریتییە لە شێوازی ژیانی ئەو مرۆڤانەی کە لەژێر کاریگەری تایبەتمەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی شاردا دەژین، ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسایەتی مرۆڤدا دەبێت.

## 2. ژیانی شارنشینی Urban Life

ژیانی شارنشینی: شێوازی ژیان یان تایبەتمەندی شێوازی ژیانی ئەو کەسانەیە کە لەناوچە شارییەکاندا دەژین. شارنشینی شێوازی ژیانی دانیشتوانی ناوچە شارییەکانە. ئەمەش نەك هەر ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان کاریگەرییان لەسەری هەیە، بەڵکو ڕەهەندە پەروەردەیی و پیشەسازی و مێژوویی و فەلسەفی و یاسایی و سەربازی و سیاسی و زانستی و ڕەهەندەکانی تریش کاریگەرییان لەسەری هەیە (Kushwaha, without the year: 4). "لویس وێرث – Lewis Wirth" کۆمەڵناسی ئەمریکی (1897-1952) بەم شێوەیە ژیانی شارنشینی دەخاتە ڕوو دەڵێت بریتییە لەو کاریگەرییانەی کە شارەکان دەیخەنە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ. هەروەها داهێنان و چاودێریکردنی ژیانی ئابووری و سیاسی و کولتوورییە، خەڵکێکی زۆر لەتەنیشت یەکتردا دەژین، بێ ئەوەی زۆربەیان یەکتری بناسن، زۆربەی بەرکەوتنەکانی نێوانیان لاوەکییە، کۆمەڵە پەیوەندییەکی لاواز لەنێوانیاندا هەیە، خەڵکی هەموو ڕۆژێك لە چالاکییەکان و بارودۆخە جۆراوجۆرەکاندا دەستەویەخە دەبن، کێبڕکێکردن و پەیوەندییە ناکەسی و فەرمییەکان تیایاندا زاڵە (گیدنز. ێ، 2009: 721-722). ژیانی شارنشینی بریتییە لە بێ ناونیشانی و شوناسێکی ناڕوونی مرۆڤەکان، چونکە مرۆڤەکان تەنها لەگەڵ هەندێك کەس پەیوەندی ناسیاوی دروست دەکەن، ئەم بارودۆخەش دەبێتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆی بێ متمانەیی و ناڕەزایەتی بەرانبەر ژیانی شاری، هەروەها کێبڕکێ و تێکهەڵچوون لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی شارییە؛ چونکە پێگەی تاك بە دەسکەوتەکانی دەستنیشان دەکرێت، هەرکەسە بۆ دەستڕاگەیشتن بە پێگەیەکی سەروتر تێدەکۆشێت و لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکەوێتە کێبڕکێوە (کۆهێن، 2014: 411). بەشێوەیەکیتر ژیانی شارنشینی بریتییە لە تایبەتمەندی ناچوونیەکی شارنشینان لەڕووی کار و ڕۆڵی کۆمەڵایەتییەوە، ئاڵۆزبوونی پەیوەندییە ناکەسی و فەرمییەکان، ئاڵۆزی کۆمەڵگە، ژیری، دوورە پەرێزی زیاتر لە هەمبەر نەریتەکاندا، ئارەزووی داهێنان و پسپۆڕ خوازی (موحسنی، 2006: 350).

کەواتە ژیانی شارنشینی بریتییە لە شێوازی ژیانی مرۆڤەکانی شار، کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی تایبەت بەخۆیان هەیە لە ژێر کاریگەری بارودۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتی جۆرێك لە کەسایەتی تایبەت بەشار پێکدەهێنێن.

### 3. گەشەکردن Growth

گەشەکردن شێوەیەکە لە شێوەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە بەسەر مرۆڤ و ئابووری و بوونیادی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا دێت. یاخود گەشەکردنی بەردەوامی ناوەندێتی داهاتی تاکە کە دەبێتە هۆی باشکردنی ئاستی ژیانی خێزان و تاکەکان، هەروەها پێشکەوتنی بەها و نەریتەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ گەشەکردنی ئابووری و نوێکردنەوەی کەسایەتی گونجاو بێت (خەمەش، 2012: 328). هەروەها گەشەکردن بەتەنها لایەنی کۆمەڵایەتی ناگرێتەوە، بەڵکو زیندەوەر و ڕووەکیش دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم توێژینەوەیەدا لایەنە کۆمەڵایەتییەکەیە. "عبدالمنعم شەوقی" پێیوایە کە گەشەکردن بریتییە لە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان (شوقي، 1980: 23). لەبارێکیتردا گەشەکردن بریتییە لە زۆربوونی قەبارەی دانیشتوانی شار، کەبەسێ ڕێگە دەبێت ئەوانیش: (زۆربوونی سرووشتی، کۆچکردن، هەروەها ئەولادێیانەی کە لەشارەوە نزیکن بەهۆی فراوانبوونی شارەوە دەبنە گەڕەکی نوێ لە شارەکان) (رشوان، 1988: 11). هەروەها گەشەکردن بریتییە لە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شار و زۆربوونی ڕووبەرەکەی (Codrington, 2005: 36-37). بەواتای فراوانبوونی شار دێت. لەم ڕانگەیەوە "کارل مارکس" (1818-1883) پێیوایە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەشەکردنی شار ئەوەیە کە جۆرە خاوەندارێتییەك سەر هەڵدەدات، پشت بە دابەشبوونی کار و ئاڵوگۆڕکردن دەبەستێت (زکریا. ف، 2004: 67-68).
گەشەکردن ئەو گۆڕانەیە کە لە بەها، نەریت و پێکهاتەی مرۆڤەکان بەهۆی زۆربوونی سەرچاوەکانی داهات و سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەت ڕوودەدات، ئەمەش کاریگەری لەسەر کەسایەتی مرۆڤ دەبێ و بەرەو خۆپەرستی ئاراستەی دەکات.

## 4. خۆپەرستی selfishness*

خۆپەرستی چەمکێکی زۆر فراوانە. بەگشتی مەبەست لە(خۆپەرستی) ڕەتکردنەوەیەکی ئاشکرای خۆبەخشییە؛ کەواتە چەمکەکە واتایەکی کۆمەڵایەتی نەرێنی هەیە. بەڵام لە ڕوونکردنەوە باوەکانی بایۆلۆژیدا، "خۆپەرستی" هەستی نەرێنی خۆی لەدەست داوە، بە پێچەوانەوە بە هەستێکی ئەرێنی وەسف دەکرێت. (Rachlin, 2014: 250). لەلای "تۆماس هۆبز" (1588 – 1679) فەیلەسوفی ئابووری و سیاسی، سرووشتی مرۆڤ بە خۆپەرستی جیادەکرێتەوە، چونکە بنچینەی ئارەزووە سرووشتییەکەی ئەوەیە کە پارێزگاری لە خۆی بکات (موسی، 2001: 98). لەم ڕوانگەیەوە "ئیریك فرۆم – Erich Fromm" (1900 – 1980) زانای دەروونناسی و فەیلەسورفی ئەڵمانی دەڵێت: مرۆڤی خۆپەرست هەموو شتێك بۆ خۆی دەخوازێ، هیچ چێژێك لە بەخشین وەرناگرێت، لەکاتێکدا تەنها چێژ لە وەرگرتن وەردەگرێت، لە گۆشەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە لە دونیای دەرەوە دەڕوانێ، بایەخ بە پێداویستییەکانی خەڵکانیتر و کاروباری هاوڕێیەتی و شکۆی کەس نادات (محەمەد، 2008: 159). هەروەها "ماسلۆ" (1943-1996)دا لە پێناسەکردنی خۆپەرستیدا دەڵێت: وەک هەر ڕەفتارێکە کە چێژ یان سوود بە تاکەکەس دەگەیەنێت (Kaufman & Jauk, 2020: 2). هەروەها لە فەرهەنگی ئینگلیزی کۆلینز (Collins English Dictionary)دا پێناسەی کەسی خۆپەرست دەکات و دەڵێت: بە شێوەیەکی سەرەکی خەمی بەرژەوەندی خۆی و سوودی خۆیەتی.

*لەڕووی زمانەوانییەوە چەمکی (selfish) گەلێك واتای هەیە, بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1640)دا بە ڕێنووسی (spelled selfeish and selvish) تۆمارکرا. هەروەها لە ساڵی (١٦٤٩)دا بە ڕێنووسی (selfeist) بە واتای ئەوەی کە کەسێک خۆپەرستە، ناسێندرا (Layne, without the year: 8).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها بەرژەوەندیی ئەوانیتر پشتگوێ دەخات (Layne, without the year: 7) ئەمانەش لە تایبەتمەندییەکانی خۆپەرستین کە لەم پێناسەی سەروەدا خراوتە ڕووبە. واتایەکیترخۆپەرست مرۆڤێکە تەنها گرنگی بە خۆی دەدات، هەموو شتێکی بۆ خۆی دەوێت، گرنگی بە پێداویستییەکانی ئەوانی دیکە نادات. بڕیار لەسەر هەموو کەسێک و هەموو شتێک لە ڕوانگەی سوودی خۆیەوە دەدات (Fromm, 1994: 16).

هەروەها لەڕوانگەی ئابوورییەوە خۆپەرستی، ڕەفتارێکی بەرژەوەندخوازییە، جەخت دەکاتە سەر ئەو ڕەفتارانەی کە سوود بە خۆی لەسەر شانی ئەوانیتر دەگەیەنێت (Carlson, Adkins, Crockett, & Clark, 2020: 34). لەڕووی دەروونزانییەوە خۆپەرستی بەواتای ئەوە دێت کە مرۆڤەکە خۆی خۆش بوێت، لێرەدا مەبەست لە خۆ خۆشویستی ئەو ئارەزووە سرووشتییەیە کە وا لەمرۆڤ دەکات بەرگری لەخۆی بکات و مانەوەی خۆی بپارێزێ و گەشە بە بوونی خۆی بدات (صليبا، 1971: 41).
یاخود خۆپەرستی بریتییە لەو کۆششەی کە بۆ سوودی خۆی دەیکات و سوودی ئەوانیتر لەبەرچاو ناگرێت؛ نموونەی پاڵنەرە خۆپەرستییەکان تایبەتمەندی کەسایەتی نەرگسی لەخودەگرێت، بۆنموونە مافی بەرکەوتن یان وەرگرتن و هەلپەرستی کردن، ئارەزووی ماددییەت ئەمانە ئامانجی خۆپەرستن (Crocker, Canevello, & Brown, 2017: 300). خۆپەرستی، لەخۆبایی، یان خۆبەزلزانین بریتییە لە مەیلی وەرگرتن و بەهێزکردنی بۆچوونی ئەرێنی سەبارەت بە خۆی، لەڕووی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی (ویکیبیدیا، 2021: : صفحة بدون). خۆپەرستی بەمانای خود خۆشویستنی لەڕادەبەدەر دێت، ئەم خۆشەویستییە پاڵ بەو کەسەوە دەنێت بەرەو دەسکەوتنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەبێ ئەوەی گرنگی بە هیچ شتێکی تر بدات (حنفي، 2021: صفحة بدون). بەمانایەکیتر کەسایەتی خۆپەرست ئەو کەسەیە کە لە ڕادەبەدەر تەنها خەمی خۆی بێت، و کار بۆ تێرکردنی چێژەکانی خۆی دەکات بەبێ ئەوەی هیچ ڕەچاوی کەسانیتر بکات ((Sola)سولا، 2020: صفحة بدون).

پێناسەی ڕێکاری بۆ خۆپەرستی: خۆپەرستی تایبەتە بەمرۆڤ بەگشتی و بەتایبەتیش مرۆڤی شارنشینی کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی لەسەرووی بەرژەوەندی کۆمەڵگەی شارنشینی دادەنێت بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم / شار و تایبەتمەندی ژیانی شارنشینی

### باسی یەکەم: شار

شار بریتییە لە گشت ئەو ئاوەدانیانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان لە پێنج هەزار کەس زیاتر بێت نیوەی دانیشتوانە چالاکەکەی لەبواری نا کشتوکاڵیدا کار بکەن (غەفور، 2017: 18). یاخود شار بریتییە لە ژینگەی مرۆیی کە لە شوێنێکی سنووردراردا چڕ بووەتەوە، لەسەر بنەمای دابەشکردنی کار و پەیوەندییە مادییەکاندا دامەزراوە (غضابنة و لمطيش، 2017: 87). بە بۆچوونی "ف.ب.تۆگارینۆف" شار چەق و بنکەی شارستانییە (ف.ب.توغارينوف، 1987: صفحة بدون). هەروەها "کارل مارکس" (1818-1883) شار بە واتای سەرهەڵدانی شارستانیەت، دەوڵەت و نیشتمان دەناسێنێت. لەشاردا خاوەندارییەتییەک هەیە کە پشت بە کار و ئاڵوگۆڕ کردن دەبەستێ (زكريا، 2004: 67). لە شاردا یاسای خستنەڕوو و خواست نرخی کاڵاکان دیاریدەکات، ئەو یاسایەش یاسایەکی سرووشتییە* کە دەقەکەی ئەمەیە! ئەگەر خستنەڕوو زۆربێ و خواستیش کەم بێت، ئەوە نرخەکان دادەبەزن، بەڵام ئەگەر خستنەڕوو کەم بێ و خواستیش زۆر بێت، ئەوە نرخەکان بەرز دەبنەوە (الشافعي، 1976: 33). لەم ڕوانگەیەوە لەسەرمایەداری نوێدا ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە لەشاردا بەدیدەکرێت (سينيت، 2008: 173):

١- بزوێنەری شێواز: لەڕێگای بەبازارکردنەوە (ڕێکلام) ئارەزووەکانی مرۆڤ لەخشت (چوارچێوە) دەگرن کە هەست بەوە بکات بەو شتە ڕازی نەبێت کە هەیەتی، ئەوەش وای لێ دەکات کەل و پەلی تازە بکڕێت.

٢- کۆن کردنێکی بە بەرنامە داڕێژراو: شتەکان دروست دەکرێن کە توانای ئەوەیان نەبێ بەردەوام بن و زوو لەکار دەکەون هەتا مرۆڤ شتە تازەکان بکڕن.

٣- مۆر(درووشم)(الوسم): وا لەبەرهەمە سەرەکییەکە دەکات لەجیهاندا نایاب بێت و بفرۆشرێ، واتە هاویەکی لەناو دەبات.

---

*سەرمایەدار پێیوایە کە پێڕەوی سەرمایەداری، پێڕەوێکی سروشتییە.

٤- ڕووکەش کردنی زێڕین: مەرجەکانی کۆنکردنە بە بەرنامە داڕێژراوەکان، ڕووخساری کاڵا خەوشدارەکان وا جوان دەکەن وا لەبەکاربەرەکە دەکات کە هەست بەوە بکات کاڵایەکە سرووشتییە. هەرچەندە تایبەتمەندییەکانی شار زۆر لەوە زیاترن کە لێرەدا ئاماژەی پێدراوە، ئەمانەش دەریدەخەن کەوا شارە گەورەکان بە بەرنامە کار لەسەر ئەوە دەکەن کە وا بەکاربەرەکان کەلوپەل و پێداویستییەکانیان بە نوویترین شێوازی سەردەمیانە بن بۆنموونە (خانووی تازە، ئۆتۆمبیلی تازە، مۆبایلی تازە، جوانکاری و ڕازاندنەوە، جل و بەرگی تازە، ....هتد) بۆ ئەوەی بە ڕواڵەت وا خۆی دەربخات کە ئەو لەوانیتر جیاوازە ئەمەش نیشانەی تاکڕەوییە.

ئەوانەی لە ژینگەی شارستانی (شار)دا دەژین خاوەنی شێوازێکی ژیانی تایبەتن کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی شار و بارودۆخ و ڕەوتی وەرچەرخانیدا دەگونجێن. دەبێت ئەوەش بزانین تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی شار بریتیین لە قەبارە و چڕی و ناچونیەکی. ئەم تایبەتمەندییانەش بە سرووشتی ژیانی شارستانی و کەسێتی هاوڵاتی شارستانییەوە پەیوەستن. تاکو قەبارەی کۆمەڵگەی شاری (شار) گەورەتر بێت، چوارچێوەی چەشنی تاکەکان فراوانتر دەبێت و ڕێژەی جیاکاری کۆمەڵایەتیش لەنێو تاکەکاندا بەرزتر دەبێتەوە، کە پەیوەندگەلێکی کۆمەڵایەتی بەش بەشەکی بەدوای خۆیدا دێنێت، پەیوەندییە بەرژەوەندی خوازەکان باڵادەست دەبێت (ئەلحەسەن، 2012: 428-429). لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەی سەرەوەدا سەبارەت بە فراوانبوونی قەبارەی دانیشتوان پێکهاتەی چینی کۆمەڵایەتی فراوان دەبێت، ئەمەش جیاکاری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئابووری و سەرمایە زۆر دەکات، بۆنموونە ئێستا سێ یەکی دانیشتوانی هەرێم لە (هەولێر)ی پایتەختی هەرێمی کوردستاندا دەژین، بە پشت بەستن بەنزیکەیی ژمارەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.
شار جێگای خۆ نواندنی دیاردە کۆمەڵایەتی – ئابوورییەکانە کە دەتوانێ هەموو ئەو دیاردانە لە شێوەی جۆراوجۆری هەژاری و دەوڵەمەندیدا ببینرێ، هەروەها دەتوانرێ لە شارە مەزنەکاندا دەوڵەمەندترین و هەژارترین تاکەکان ببینرێن. بەگشتی شار جێگای ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەمەندی و هەژارییە. لە بارودۆخی هەژاریدا، هەژاری ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی لە تایبەتمەندی شار و دانیشتوانی شار خۆی دەردەخات (ڕەبانی، 2013: 209). تایبەتمەندییەك لە تایبەتمەندییەکانی جیهانگیری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرمایەداری، ئەوەیە کە دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبن و هەژارەکانیش هەژارتر دەبن. بارودۆخی کۆمەڵایەتی- ئابووری شار شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دیاریدەکات، بەهۆی جیاوازی بارودۆخی مرۆڤەکانەوە بیروبۆچوونی جیاواز گەشە دەکات، ئەم جیاوازییەش هەڵوێستی تاکەکان دیاریدەکات کە بەچ جۆرێك هەڵس و کەوت بکەن. بیروبۆچوونی مرۆڤەکان ڕەنگدانەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەیە، هەرکاتێك بارودۆخەکە بگۆڕێت گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەدوادادێت، بەمەش بیروبۆچوونی مرۆڤەکانیش دەگۆڕێت.

**باسی دووەم: تایبەتمەندی ژیانی شارنشینی:**

1. جووڵەی دانیشتووان: تاک لە ناوچە شارییەکان جووڵەی ستوونی هەیە، کە پەیوەستە بە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر، ئەمەش پەیوەندی بە کار و گۆڕانی کار یان پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بەپێی ئەم بنەمایە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەبن (غضابنة و لمطيش، 2017: 88). ئەمەش لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، کاتێك کە خێزانێك لە گەڕەکێکی هەژار بۆ گەڕەکێکی دەوڵەمەند کۆچ دەکات، ئەمە جووڵەی ستوونی پیشاندەدات.
2. بەکاربردن (الاستهلاک): تایبەتمەندییەکە لە تایبەتمەندییەکانیتری شارنشینی کە پێداویستییە سەرەکییەکان تێر دەکات ناتوانرێ دەستبەرداری بیت, ئەمەش تایبەتە بە شارنشینی و بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە بەکاربردن سرووشتێکی چینایەتی هەیە، بە پێی ئەمە بەکاربردن لەلایەک دووره پەرێزی کۆمەڵایەتی ڕوون دەکاتەوە، لەلایەکیتریشەوە ناسنامەیەکی تازەی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێ (طربية، 2011: 157). هەر خەرجییەك لە دەرەوەی پێداویستییە سەرەکییەکان بوو کە بریتیین لە (خۆراك، پۆشاك، خانووبەرە) ئەمە دەچێتە چوارچێوەی بەکاربردنی ڕواڵەتییەوە. کە لە قۆناغی جیهانگیری سەرمایەداریدا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت، ئەمەش ئامانجی کۆمپانیا گەورەکانی جیهانییە، لەپێناو زۆرترین قازانجدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. ناکۆکی یاسا و ڕۆڵەکان: نیشتەجێی شارەکان لە ڕووی تەمەن و ڕەگەز و پیشە و بەرژەوەندی و هەڵوێست و بەهاکانەوە جیاوازن و ژیانی شارەکان لەگەڵ جیاوازی ساماندا دەگۆڕێت، ئەم جیاوازییە دەبێتە هۆی جیاوازی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بەها و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان و ململانێ لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا لە شێوازی ژیانی شارییەکاندا (غضابنة و لمطيش، 2017: 88).

4. گۆڕانکاری: ژیانی شارەکان بە گۆڕانکاری خێرای کۆمەڵایەتی و کولتووری تایبەتمەندە کە لە ئەنجامی پیشەسازی و پەروەردە و میدیاوە دێتە ئاراوە (غضابنة و لمطيش، 2017: 88). ئەمانەی باسکراوە ڕۆڵێکی کارا لە شێواز و هەڵویستی تاکەکانی شاردا دەگێڕن، ئەمەش بیروبۆچوونی جیاواز دەهێنێتە ئاراوە کە سەرچاوەی سەرەکی بیری تاکڕەوییە، کە تاك بەرەو نامۆبوون و دوورەپەرێزی دەبات.

5. تاکگەرایی: ژیانی شارەکان بە سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی تاکگەرایی و خۆپەرستی تایبەتمەندە، ئامانجی سەرەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە شاردا خزمەت بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی تاک دەکات. ئەم تاکایەتی و خۆپەرستییە دەبێتە هۆی کێبڕکێی نێوان تاك و گروپ و چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان (غضابنة و لمطيش، 2017: 88). بۆنموونە لەکاتی گفتوگۆکردندا دەڵێت : من زیرەکم من ڕاستم، تۆ پەیوەندیت بەمنەوە نییە، ئەوە کێشەی خۆتە و برا برایە کیسەی جیایە، یان ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە، ئەمانەش نموونەی تاك ڕەوین.

6. ماددییەت: تاکایەتی و ڕکابەریی دانیشتوانی شار لە هۆکارە سەرەکییەکانی بڵاوبوونەوەی ماددییەتە، لەم ڕوانگەیەوە "ئەیرك فرۆم" هەستی خۆپەرستی شیدەکاتەوە و دەڵێت: کاتێك مرۆڤ هەستی خۆپەرستی زاڵ دەبێت بەسەر خۆنەویستی، ئەوا هەست بە تەنیایی دەکات و لایەن گیانییەکەی فەرامۆش دەکات و دەبێتە کەسێکی ماددی (محەمەد، 2008: 30).

7. ئازادی تاک: لەسەدەی هەژدەمەوە ئازادی تاک لە بواری ڕامیاری و ئابووریدا جێ بەجێکرا، کە بریتی بوو لەوەی تاک خاوەنی خاوەندارێتی تایبەتی بێت (الكحلاني، 2004، صفحة 41). ئازادی تاک و تاکڕەویش دوو ڕووی دراوێکن. لەسەردەمی جیهانگیریدا شار سێ ئەرکی گرنگی هەیە، یەکەم: ناوخۆیە و تایبەتە بە دانیشتوانی شار و دووەم: بەو هەرێمە تایبەتییەی کە دەوری شاری داوە و سێیەمیش: ئەرکێکی جیهانییە، ئەوە ئەرکێکی جیهانییە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تاکڕەوی کەسایەتی شارنشینی جیهانی (زهية، 2006: 39). ئەرکی سێیەم لەسەرمایەداری نیو لیبڕالیزمدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەوانەی باوەڕیان بە ئازای تاك هەیە، پێیان وایە ئازادی تاك دەبێتەهۆی ئازادی کۆمەڵگە.
8. پەیوەندی لاواز و ئاراستە خۆییەکان (التوجيهات الذاتية): بەپێی بۆچوونی "ماکس ڤیبەر – Max Weber" کۆمەڵناسی ئەڵمانی (1864 – 1920) بەهۆی زۆری چڕی و جوڵەی دانیشتووان لە شارەکاندا، پەیوەندی لەنێوان تاکەکان ڕووکەش و لاوازن (غضابنة و لمطيش، 2017: 88). هەروەها بەپێی بۆچوونی"لویس ویرث" شار بە پەیوەندییە لاوەکییەکان جیا دەکرێتەوە، نەک بە پەیوەندییە سەرەتاییەکان. مەبەست لە ئاراستە خۆییەکان لە کاری کۆمەڵناسی ئەمریکی "تالکۆت پارسۆنز – Talcott Parsons" (1902 – 1979) دا ئەوەیە کە مرۆڤی شار کارلێک و پەیوەندی لەگەڵ تاکەکانی تردا بەپێی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی دەکات، ئەم جۆرە ژیانەش لە کۆمەڵگە تازەکاندا هەیە (جادر، 2012: 234). هەروەك دەردەکەوێت لەم سەردەمەدا ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان زۆرن ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە پەیوەندییە ناڕاستەوخۆکانی بەهێز کردووە و بەسەر پەیوەندییە ڕاستەوخۆکاندا زاڵە.

## باسی سێیەم: خێزان لە شاردا

خێزان شان بەشانی سەرمایەداری دەگۆڕێ، لەسەدەی هەژدەهەمدا خێزان شوێنی دەربڕینی هەستە سرووشتییەکان بووە، بەڵام لەسەدەی نۆزدەهەمدا خێزان لەلایەکەوە، بەرانبەر جیهانی کۆمەڵایەتی نامۆ و پڕ مەترسی خۆی دەپاراست، لەلایەکی تریشەوە دەچێتە ژێر کاریگەری ڕێکخستنی دەرەکییەوە، واتە جیهانێکی سیستماتیك و ژیری و ڕێك و پێك کە لەدوای شۆڕشی پیشەسازییەوە جێگای کولتووری

کۆنی گرتۆتەوە. سیستەمی نوێی کۆمەڵایەتی هانی تاك خوازی و بەرژەوەندی خوازی دەدات. بەم پێیە خێزان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە بەراورد بە سەردەی هەژدەهەم تەواو جیاوازە، (ممتاز، 2007: 47-48). لەو وەرچەرخانەی کە لەشاردا ڕوودەدات و پەیوەندییەکانی خزمایەتی لاواز دبن، ئەوە وایکرد تاك ڕووبەڕووی دواڕۆژ و کێشەکانی خۆی ببێتەوە، بەرێگە تایبەتییەکەی خۆی بەرنامەی ژیان بۆ داهاتووی خۆی دابنێت، چونکە هیچ چاوەڕوانی ئەوە ناکات کە کەس یارمەتی بدات، ئەو کەسە پێیخۆش نییە کە کەس دەست بخاتە ناو کاروبارەکانی ژیانییەوە. پاشان مرۆڤەکە خۆی بڕیار لەسەر لایەنەکانی ژیانی خێزانی دەدات، ئەم ئاراستە تاکڕەوییە وای لەهەندێك کەس کرد کە بەو جۆرە باسی پەیوەندییەکانی ئەندامانی خێزانی شاربکات و بڵێ پەیوەندییەکی بەرژەوەندی خوازییە (السید ا.، 2013: 265-266).

لەڕوویەکیترەوە هەڵوەشاندنەوەی خێزان لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازیە گەورەکاندا دەستی پێکرد کە ئافرەتی لە کۆیلایەتی خێزانەکانەوە دەرهێناوە و کۆیلایەتییە تازەکانی بەسەردا سەپاندن. هەروەکو "کارل مارکس" دەڵێت: کۆمەڵگەی سەرمایەداری گشت پەیوەندییە ڕەسەنەکانی نێوان مرۆڤەکانی پارچە پارچە کردووە و لەبری ئەوانەدا خۆپەرستی و پێداویستییە خۆپەرستییەکانی داناوە و جیهانی مرۆڤەکانی کردۆتە جیهانێکی ئەو تاکانەی کە وەک گەردیلەکان لەیەکتری جیان و بوونەتە دوژمنی یەکتر (ئیگڵتۆت، 2015: 266). بەکاربردنیش تایبەتمەندییەکە لەو تایبەتمەندیانەی تایبەتە بە خێزانی شارەکان، هەروەکو "چارلز کارتەر – Charles David Carter" (ئەمریکی) (1868 – 1929) باسی پەیوەندی نێوان بەکاربردن و پێگەی کۆمەڵایەتی دەکات و دەڵێ: ئەوانەی سامانیان زۆرە کاڵای گران دەکڕن، ئەو جۆرە کەسانە هەست بەوەدەکەن کە متمانەیان بە خۆیان هەیە بەم هۆیەشەوە پێگەیەکی تایبەتیان دەبێت. هەندێک کەسیش هەیە خۆی ماندوو و شەکەت دەکات و هەوڵدەدات پارێزگاری لە ڕواڵەتە دەرەکییەکەی بکات، سەرەڕای ئەوەی کە داهاتەکەشی بەرزە کە چی ئاستی ڕەزامەندیەکەی نزمە (کاظم، 2006: 89). هەروەها "سورستاین ڤێبلین – Thorstein Bunde Veblen" (1857 – 1929). ئابووری ناس و کۆمەڵایەتی ئەمریکی سەبارەت بە بەکاربردنی ڕوواڵەتی دەڵێت: لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، دیاردەیەک سەری هەڵدا، ناویان نا دیاردەی خۆهەڵکێشان. ئەم دیاردەیەش لەناو چینە بەرزەکاندا زۆرە،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە تایبەتیش لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەدا هەیە کە لەڕووی پیشەسازیەوە پێش کەوتوون، هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەشدا سەرهەڵدەدات کە بەرەو پیشەسازی و بازاڕی سەرمایەداری هەنگاو دەنێن (بدوی، 1998: 444). لە ڕوانگەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە خێزان لەشاردا دەکەوێتە ژێر کاریگەری لاسایکردنەوە و چاولێکەرییەکی کوێرانە، مەبەستمانە بڵێین خێزانە شارییەکان بەجۆرێك دەکەونە ژێر کاریگەری چاولێکەرییەوە تا لەکۆتاییدا تووشی زیانی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبنەوە، چونکە ئەم جۆرە چاولێکەرییە لە قەبارەی دەسکەوت و ئاستی داهات و توانای بەشێك لە خێزانەکان زۆر زیاترە، لە هەندێك باردا تاکەکانی خێزان بەرەو بەرژەوەندی کەسی ، بەجۆرێك هەر ئاراستەیەك بۆ پەیداکردنی پارە و سامان بگرێتەبەر تەنانەت ئەگەر لەسەر بەرژەوەندی کەسانیتریش بێت.

**باسی چوارەم: کاریگەرییەکانی شار لەسەر مرۆڤ**

لەلای "ئیبن خەلدون" زانای عەرەبی (1332 -1406) لە دوای بڵاوبوونەوەی خۆشگوزەرانی و زیادبوونی بەرهەم و بازرگانی، خەڵك لە ژیانی خۆشگوزەرانی ڕادێن، بۆیە ناتوانن وەکو جاران لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا کاربکەن. "ئیبن خەلدون" پێی وایە باری خۆشگوزەرانی خەڵك بەرەو گەندەڵی و بەدکاری ئاراستە دەکات، واتا بنەما ئاکارییەکان دادەڕمێن و بەهای خۆیان لەدەست دەدەن، چونکە ئەو گۆڕانە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی شارستانیەت دەبنە هۆی گۆڕانی بەها ئاکارییەکانیش، کارکردن لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا وون دەبێت، لەبری ئەوەش بەها تازەکانی ئاکار سەر هەڵدەدەن کە ڕەوتی تاکڕەوییە دەردەبڕن، وەك فرتوفێڵ، کۆکردنەوەی سامان، فریودان (ئیسماعیل و شەریف، 2004: 121-122).

"هربەرت سپنسەر - Herbert Spencer" (1820 – 1903)پێی وایە کاتێك کرداری جیاکاری دەستیپێکرد، ڕێگای بۆ سەرهەڵدانی تاک گەرایی خۆشکرد، چونکە هەر تاکێک ڕێگە تایبەتیەکەی خۆی دەگرێتەبەر، ئەمەش نیشانەیەکی تایبەتی سەردەمی بە پیشەسازیکردنە (ج.ب.فرانتسوف، 2021: 111). خەڵکی شار بەچاوێکی سووکەوە سەیری کاری دەستیان دەکرد و پێیان وابوو کە بەهاو شکۆی خاوەنەکەی کەم دەکاتەوە (دیورانت، 1968: 62). هەروەها هێزی کاریش کراوە بەکاڵا، ئەوەش دەبێتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆی ئەوەی کە کرێکار لەئامێرەکانی بەرهەم هێنان دابڕێت. ئەوە لەم بارەیەوە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەم دەهێنرێتەوە (الكبرغ، 1982: 15).

بەپێی بیردۆزەکەی "جان جاک ڕۆسۆ – jean Jacques Rousseau" فەیلەسوفی فەرەنسی (1712 – 1778) لەبنەڕەتدا مرۆڤەکان کە لە قۆناغە بەراییەکاندا دەژیان هەموویان یەکسان بوون. سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتی و پەرەسەندنە نایەکسانییەکانی سامان، بوونە هۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان بەرە و تاکرەوی و خۆپەرستی هەنگاو بنێن (انجلز، 2013: 76). هەروەها سەردەمی کڕین کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شار، کە ئابووری سەرمایەداری بە بەردەوامی بەرهەم زۆر دەکات، کڕیارەکانیش بەرهەمەکان دەکڕن. سەرمایەداری بۆ ساغکردنەوەی کاڵایەکەی بەرخۆرپەروەری داهێنا، ئەمەش وای لە زۆربەی مرۆڤەکانی ئەمڕۆ کرد بەشێوەیەکی سەرکەوتوو پابەندی بیری-بەرخۆرپەروەری- سەرمایەداری ببن. دەوڵەمەند کاتی خۆی بۆ پەیداکردنی پارەیەکی زۆر تەرخان بکات و شتی زۆر بکڕێت (هەراری، 2020: 525). لەسەرمان پێویستە کە دوو قۆناغی سەرمایەداری، لەیەکتری جیابکەینەوە: قۆناغی یەکەم سەرمایەدار لەژێر سایەی پێڕەوی دەرەبەگایەتی و خاوەندارێتی ڕەهادا (المطلق) پەیدابووە، لە قۆناغی دووەمدا قۆناغی دەرەبەگایەتی و خاوەندارێتیەکەی ڕووخاند، وەک چینێک پێکهات و کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری پێکهێنا (انجلز، 2007: 69). لەم ڕووەوە "کارل مارکس" باوەڕی وایە لەکۆمەڵگەی سەرمایەداری مرۆڤی شاری نامۆدەبێت، چونکە مرۆڤ لەپێناو بەدیهێنانی پێداویستییەکانی خۆی پێویستی بە هاوکاری و هەرەوەزی مرۆڤەکانیترە، بەڵام لەسەرمایەداریدا ئەم هاوکارییە لەناودەچێت، مرۆڤ بەرەو دوورە پەرێزی دەبات (Ritzer & Stepnisky, 2017: 224). ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەتی تایبەتە بە ژیانی شار بەشێوەیەکی گشتی بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. ئەم وەرچەرخانەی کە بەسەر مرۆڤی شاردا هات، بەهۆی سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتییەوە بوو، ئەمەش سەرچاوەی نایەکسانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییە.

هەڵوێستی کولتووری کۆمەڵگەی شارەکان بەرانبەر بە شێوازی ژیانی شارەکان جێگیرتر دەبێت ، زۆرجار خەریکی خۆبەزلزانینن و گرنگی بە کایەی گشتی نادەن. بیرکردنەوەی کۆمەڵگە و بەها کۆمەڵایەتییەکانی لە ژیانێکی بەکۆمەڵەوە بۆ کولتوری تاکایەتی و سەربەخۆی کەسی گۆڕیوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەستێکی بێزارکەر کە ئەزموونی سۆز و کولتووری شێوازی ژیانی شارە، نەیتوانیوە ئارەزووەکانمان بەدی بهێنێت و بەهێواشی ووزەی سۆزەکانمان بەتاڵ دەکاتەوە (Nik Mohamad & Ayob, 2013: 157). هەربۆیە لەلای "فردريك هيگڵ – Friedrich Hegel" فەیلەسوفی ئەڵمانی (1770 – 1831) کۆمەڵگەی شارستانییەتی هاوچەرخ، بە گۆڕەپانی ململانێیەکی شلەژاو دەچێت کە تیایدا بەرژەوەندییە تایبەتەکان بەریەك دەکەون، چونکە هەر تاکێك تیایدا تەنیا موڵکی خۆی دەپارێزێ و کۆشش دەکات بۆ ئەوەی خواستە تایبەتییەکانی خۆی بەدی بهێنێت، پێکهاتەی کۆمەڵگەی شارستانی بەهۆی ئەو ئەنجامەوە دەبێتە قوربانی ململانێی چینە کۆمەڵایەتییەکان (ئەلعەلەوی، هرماسی، غليون ، و ئەبو حەلاوە، 2005: 60-61).

لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دیدی خۆپەرستی لەمەڕ جیهان و بیرکردنەوەی خۆپەرستی لەمەڕ ژیری مرۆڤ لە گەشەکردندایە. فەیلەسوفی ئایدیالیزمی ئەڵمانی "هیگڵ" پێشبینی ئەو خۆپەرستییەی لە سیستەمی سەرمایەداریدا کردبوو، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت: لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا جیهان دەبێتە ئامانجی تاکی سەرمایەدار، ئەوانیتر هیچ نین، تەنها داردەستێکن بەدەست تاکەکەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەکاریان دێنێ (بیخۆفسکی، 2014: 10). لێرەدا باس لەو دەقە گرنگەی "جۆرج زیمێل" (1858 – 1918) فەیلەسوفی ئەڵمانی دەکەین، کە لە وتارێکدا باسی کێشەی ڕووبەڕوو بوونەوەی مرۆڤی تازە لە لەگەڵ کۆمەڵگەی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیدا دەکات. ئەو باوەڕی وابوو کە کێشەی مرۆڤی بەرایی ئەوە بووە کە بەسەر سروشتدا زاڵ بێت، بەڵام کێشەی مرۆڤی تازە ئەو ململانێیەیە کە ڕەنگدانەوەی ئەو کولتوورە تازەیە کۆمەڵگە بەرهەمی هێناوە. هزرێکی زۆر ژمێریاریی هەیە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە چوارچێوەی ئابووری دراودا دروست دەبێت، پارە دێتە ناو گشت ڕەهەندەکانی ژیانەوە و سەرجەم جیاوازییەکان بە پارە هەڵدەسەنگێنرێن (ممتاز، 2007: 137-139). هەروەها لەسەدەی بیستەمیش بەولاوە بارودۆخێك هاتۆتە ئاراوە کە بۆتە هۆی دروستبوونی مرۆڤی زیرەکی دەستکرد، بەدەر لە سودەکانی وادەکات مرۆڤ زیاتر ئاڵۆز و سەر لێشێواو بێت، هەروەها پەنابباتە بەر ڕێگا چەوتەکان تەنانەت ئەگەر ژیانی خۆی و کەسانی دەوروبەریشی بخاتە مەترسییەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە شاردا پسپۆڕی هەیە و پێشبڕکێش بنەمای شارە، ئەوەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی جۆرە نەرم و نیانییەک لە نێوان لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، بەپێی ئەوە هەڵکشان و داکشان لە پێگە و چینێکەوە بۆ یەکێکیتر مافی تاکە هەر تاکێک خۆی بەرپرسیاریەتی ئەو کارە هەڵدەگرێ جا کارەکە باش بێت یان خراپ بێت (دعکور، 2004: 65). شار جیهانێکی فراوانە کۆمەڵە پەیوەندییەکی بازرگانی و پیشەسازای و دارایی دەگرێتەوە، ئەمەش جۆرە ڕەوشت و بەهایەک پێک دەهێنێت کە لەسەر هەڵوەشانەوە و پارچە پارچەبوون بەندە، هەر تاکێک بەدوای بەرژەوەندی و قازانجی خۆی دەگەڕێت، ئەوەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی تاکڕەوی مرۆڤ (برقاوي، 2005: 72). ئارەزووی تاکڕەوی و دورکەوتنەوەی بیری لەنێوان تاکەکاندا زۆرە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاوازن و سەردان کردنیش زۆر کەمە (الساعاتي، 1980: 175-176). واتا پەیوەندی بەرژەوەندی خوازانە بەسەر پەیوەندییە گشتییەکان زاڵە، بەجۆرێك تاکەکانی شار هەست بەگیانی کۆمەڵی ناکەن ئەگەر سوودی خۆیی تێدانەبێ لەمەدا ڕەوتی تاکڕەوی گەشە دەکات، لە بیر و هزری مرۆڤی شاریدا، بیری پەیداکردنی سەرمایە لە هەرە بیرکردنەوەکانی بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکان و تێرکردنی ئارەزووەکانی دەبێت، بێ ئەوەی گوێبداتە بەرژەوەندی گشتی دەست پێشخەری دەکات، ئەمەش لەگەڵ مرۆڤەکانی شار دووچاری ململانێیەکی توندی دەکات.

"تۆماس هۆبز" (1588 – 1679) فەیلەسوف و سیاسی خاوەنی (تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی) دەڵێت: ئایا مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا خۆپەرستن، یان گرنگی بە کەسانی دیکە دەدەن؟ ئەم پرسیارە سەرنجی فەیلەسوف و کۆمەڵناسەکانی ڕاکێشاوە. نزیکەی چوار سەدە لەمەوبەر "هۆبز" باسی ئەمەی کرد کە بەرژەوەندی خۆیی بنەڕەتیترین پاڵنەری مرۆڤە (Crocker, Canevello, & Brown, 2017: 300). هەروەها زۆربەی توێژینەوە جۆرایەتییەکان (Quality_QOL) ئارەزوویان لەوەدا بووە کە ئەو توێژینەوانە بخەنەڕوو کە ڕەنگدانەوەی مرۆڤن. جۆرایەتی ژیان کۆمەڵە ڕەهەندێکی هەیە لەوانە خێزانەکان، کارەکان، دۆخی دارایی، و لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەمەن، تەندروستی. ئەو شوێنەی خەڵک تێیدا دەژین کاریگەری لەسەر ژیانیان دەبێت (Marans, 2011: without p.). کەواتە ئەم بۆچوونە دەرخەری ئەوە ڕاستییەیە، هەموو ئەو ڕەهەندانەی کە باسی کردوون دەکرێ کاریگەری بەسەر مرۆڤ بەگشتی و مرۆڤی شاری بەتایبەتی هەبێت، چونکە لەشارەکاندا ئەم جیاوازیانە کە

دەوری ژیانی ئێمەی داوە بە بەراورد بە مرۆڤی لادێ نشین بەرِوونی هەستی پێدەکرێت. بە گۆڕانی ئەو بارودۆخانەی کە لەسەروەدا ئاماژەی پێکراوە، گۆڕانکارییەکان ئەوەندە خێران بەهیچ جۆرێك بواری بیرکردنەوە و خۆ گونجاندن نادەن، گۆڕانکارییەکان هەڕەمەکی و بێ پلانن نەك وەکو جێگرەوەیەی گۆڕانکارییەکانی پێشوو. هەروەها مرۆڤی شاری لەناو ئاژاوە و ئاژاوەگێڕیدا دەژیت، کە دەبێتە هۆی پێگەیاندنی کەسایەتی خۆپەرست.

## بەشی سێیەم: کەسایەتی شارنشینی و گەشەکردنی خۆپەرستی

### باسی یەکەم: ڕۆڵی شار لە پێکهێنانی کەسایەتیدا

بەبڕوای فەیلەسوفە یۆتۆپیاکان "تۆماس مۆر و کامبانیلا" سەرچاوەی گرفتەکانی شار ئەوەیە کە خاوەندارێتی تایبەتی هەیە، ئەمەش مرۆڤی شار بەرەو چاوچنۆکی و ماستاوچیاتی و خۆبە زلزانین دەبات، چارەسەرکردنەکەش بەوە دەبێت کە خاوەندارێتی تایبەتی بەرەو خاوەندارێتی گشتی بگۆڕدرێ (هورکهایمر، 2006: 67-71). هەروەها هەریەکە لە "ئەلبەرت" (1405-1472) و "فرانسیسکو دی جیورجیۆ مارتینی" (1439-1501) و "لیۆناردۆ داڤینشی" (1452-1519) باسی شارە نموونەییەکان دەکەن کە ئەم شارانە نموونەی شارەکانی قۆناغی بوژانەوەیە، ئەم بەها تازانەی تێدا گەشە دەکەن وەك (تاکڕەوی، سوود و قازانج، خۆپەرستی، ژیری، ...هتد) (باکو، 2008: 133-134). لە ژیانی شاری ئێستادا سوودگەرایی بەهایەکی پیرۆزی ئەو جیهانەیە کە لەژێر فشاری قازانج و چاوچنۆکیدا مرۆڤ پێدەگەیەنرێت (باتای، 2007: 84-85). ئەم بۆچوونانە دەریدەخەن کە خاوەندارێتی تایبەتی جۆرە بەها و پیوەرێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت کە دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ ئەوەیە کە کەسایەتییەکی تاکڕە و چاوچنۆك و خۆپەرست پێدەگەیەنێت.

لە شارەکاندا ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییانە هەستی پێدەکرێت کە دەبنە هۆی ئەوەی (خەباتی مرۆڤ دژی مرۆڤ، خەباتی تاك دژی تاك سەرهەڵبدات)، ئەم خەباتە تایبەتمەندی مرۆڤایەتی لە کەسایەتی مرۆڤدا دادەبڕێنێ، وا لە مرۆڤ دەکات ببێتە کۆیلەی سۆزە سەرەکییەکەی کە سۆزی قازانج و خاوەنداری تایبەتییە. ئەمەش لەو کۆمەڵگەیەدا هەیە کە خاوەنداریەتی تایبەتی باوە (فتسیف،

جانوف، سیف، ستوفسکی، شیفین، و کوزمینکو، 1974: 9). لەلای "جۆن دیوی" تاکرەوی بەهۆی پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە گەشە دەکات، ئەو تاکەش تاکێکی وون بووە (الشمري، 2008: 311). هەروەها ڕەوتی تاکڕەویش پێیوایە کە گشت پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لەڕێگای تاکەوە دەبێت (رسل، 2005: 98).

توانای ڕۆشنبیری گشتی پەیوەندی بە ئاستی رادەی وەرگرتنی ئەو زانیارییانەوە هەیە کە لە بوار و سەرچاوەی جۆراوجۆری ژینگەی تاکدا باون، بەڵام توانای تایبەتی ڕۆشنبیری بە یەك بوار دیاریدەکرێت، ئەو کەسەی کەسایەتییەکەی مۆرکی ڕۆشنبیری ئابووری بەسەریدا زاڵە، بە تێڕوانینێکی بەرژەوەندییەوە سەیری ژیان دەکات و بەر لە هەموو شتێك گرنگی بە کۆکردنەوەی پارە دەدات، پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر بنەمای ئاستی سوود وەرگرتن لەو پەیوەندییانە پێکدەهێنێت (ئەلزینی، 2012: 67).بۆیە "تۆماس بلێر" پێیوایە کە لە قۆناغی جیهانگیریدا، زۆربەی تاکەکان لە دارستانی مرۆڤایەتیدا دەژێن کە تاوان و کوشتن و خۆکوژ و دزی هەیە، هەروەها مرۆڤەکان وەک ئاژەڵەکان هەڵس و کەوت لەگەڵ یەکتر دەکەن. ئەوە بەسەرچوو کە مرۆڤەکان بایەخ بەیەکتر بدەن و چاودێری هەست و نەستی یەکتری بکەن (لامبوس، 2001: 298). لەم بارەیەوە "کلیمنت گرینبرگ" کە یەکێکە لە بیردۆزمەندەکانی ڕۆشنبیری میللی دەڵێ: ئەو هونەرەی کە لەشاردا هەیە زۆر بێ بەها و هیچ و پوچە، ئەوە تەنها لەسنووری شاردا نەماوە، بەرەو لادێش چووە، چونکە کەلەپوری میللی لادێشی شێواندووە (هیوسون، 2013: 316).

لەبیری ڕێبازی (بێنسام – Benthamism)دا پاڵنەرە ئابوورییەکان مرۆڤەکان دەجوڵێنێت، ئەوەش دەبێتە هۆی بەدیهێنانی قازانجەکانیان، وادەکات کە هەر مرۆڤێك بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بگەڕێت و چاوچنۆك و خۆپەرست بێت (ج.د.ە.کول، 1971: 407-408). ئەو خۆپەرستییەی کە تاك هەیەتی بەرهەمی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی شارە کە تیایدا دەژی (ایکن، بدون سنة: 137). لەم ڕانگەیەوە دەردەکەوێت کە ململانێی نێوان مرۆڤەکانی شار بە تەواوی هەستی پێدەکرێت کە لەڕێگەی ئەم ململانێیەوە لەژێر سایەی خاوەندارێتی تایبەتدا ئامانجەکانی دێنێتەدی ، هەروەها ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی کە بەرهەمی خاوەندارێتی تایبەتە، تاکەکان بەرەو ئامانجە کەسییەکان ئاراستە

دەکات؛ ئەمەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو لاوز و پچڕان دەبات کە تیایدا هەستی چەوساندنەوە و خۆسەپاندن زیاد دەکات، مرۆڤ بەرەو خۆپەرستی دەبات.

**باسی دووەم: شارنشینی و گەشەکردنی خۆپەرستی**

لەم بارەیەوە ((کۆنفۆشیوس)) دەڵێت: توخمە سەرەکییەکانی دەوڵەتێکی چاك بریتیین لە(خۆراك، چەك، متمانەی گەل)، لەم ڕوانگەیەوە "تزوکۆنگ" لێی پرسی (ئەگەر لەم سێیانە دەستبەرداری یەکێکیان ببیت، ئەوە کامیان؟ ((کۆنفۆشیوس)): چەکە. دووبارە "تزوکۆنگ" ووتی، ئەگەر لەم دوانەی تر دەستبەرداری یەکێکیان ببیت ئەوە کامیانە؟ ((کۆنفۆشیوس)): خۆراك، ((کۆنفۆشیوس))ووتی لەدێرزەمانەوە مردن چارەنووسی گشت مرۆڤەکان بووە، بەڵام گەلێکی بێ متمانە خۆی زیان دەکات (البیطار، 2002: 196). "ئەفلاتوون" فەیلەسوفی یۆنانی (427 – 347پ.ز) هێرشی کردۆتە سەر هزری تاکگەرایی و بەوە تۆمەتباری کردووە کە خۆپەرست و خۆ خۆشەویستی بەسەریدا زاڵە، هەروەها پێی وابووە دژی ئەو نموونەیی و یۆتۆپیایەیە کە لە پەرتووکەکەیدا (کۆمار) پیادەی کردووە. بە نەخۆشی داناوە (ئەلحەسەن، 2012: 145). هەروەها "ئەمیل دۆرکهایم" کۆمەڵناسی فەڕەنسی (1858 – 1917) باسی ئەوە دەکات کە هزری تاکگەرایی لە کۆمەڵگە بەرایی و ساکارەکاندا نەبووە، کە تیایدا ژمارەی دانیشتوانی کەم بوون و پشتیان بە سیستەمی کاردابەشکردن و پسپۆڕی نەبەستووە، ئەم کۆمەڵگەیانە لە چەند کەسێك پێکهاتبوون کە لەڕووی کەسێتی و هزر و مەیل و ئاراستەکانیانەوە هاوشێوە بوون و پێویستبوو تاك کار بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ و بەرژەوەندی کۆمەڵگە بکات. ئەو تاکەی کاری بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کردووە، واتا ئاراستە (نەزعە)ی تاکگەرایی زاڵ بووە بەسەریدا کە هەڵگری خۆپەرستی و خۆ خۆشەویستی بووە لەلایەن کۆمەڵگەکەیەوە سزای کۆمەڵایەتی و ئایینی دراوە، بەڵام لایەنگرانی ڕێبازی تاکگەرایی پێیان وایە کە خاوەندارێتی تایبەتی فرمانێکی سرووشتی تاکایەتی و پێداویستییەکی ژیانی مرۆڤە، هەروەها پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن تاك بنچینەی دەوڵەت و بناغەی ڕێکخستنی یاسایە. هەربۆیە کۆمەڵ لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی تاك دایە، ئەوەش بووە هۆی گەشەکردنی خۆپەرستی، چاوچنۆکی، بێ باوەڕی و بێ متمانەیی (الفضل، 1977: 11-12). لە ئەنجامی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و سەرهەڵدانی پیشەی جۆراوجۆر هزری تاکگەرایی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاراستە جیاواز و بەرژەوەندی تایبەتی چەکەرە دەکات ، لەم ئاراستەیەوە پسپۆڕی و کاردابەشکردن سەرهەڵدەدات. "دورکهایم" پێی وایە ئەم ئاراستەیە ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی خۆپەرستی خۆش دەکات. خۆ خۆشویستی لە ڕەوشتدا ئەو خۆ خۆشویستییە بەهێزەیە کە وا لەخاوەنەکەی دەکات جگە لەخۆی و شتەکانی خۆی شتی تری خۆشنەوێت، ئەو کەسە بەم جۆرە خۆپەرستییە جیادەکرێتەوە کە بەرژەوەندی کۆمەڵەکەی بە بەرژەوەندی خۆیەوە گرێ دەدات، لەم گۆشە نیگایەوە سەیری گشت شتەکان دەکات. ئەمەش واتای ئەوەیە سوود و قازانجی تاك بنەمای گشت واتاکانی ڕەوشت و ئارەزووی ڕەفتاری تاکەکەیە (صليبا، 1971: 42). هەروەها "ئیرك فرۆم" زانای دەرونناسی و فەیلەسوفی ئەڵمانی (1900-1980) دەڵێت: خۆپەرستی کە کۆمەڵگە سەرزەنشتی دەکات- ئەم خۆپەرستییەیە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەوێ و توانای بەخشینی نییە و ڕێز لە شکۆمەندی ئەوانیتر ناگرێت- لە ڕاستیدا پێچەوانەی خۆ خۆشەویستییە. لای "فرۆم" خۆشەویستی هەڵوێستێکە بێ جیاوازییە کە بەرەو دەرەوە یان ناوەوە ئاراستە دەکرێت. لە بەرانبەردا "فرۆم" ئاماژەی بەوە کردووە کە خۆپەرستی جۆرێکە لە چاوچنۆکی: ئاماژەی بەوەشکردووە، هەموو چاوچنۆکییەك، ناسەقامگیرییەکی تێدایە، وەک دەرئەنجامێك کە هەرگیز هیچ ڕەزامەندییەکی ڕاستەقینەی نییە (Fromm, 1994: 189). ئەو بارودۆخەی کە مرۆڤەکەی تیادا دەژیت بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە خۆپەرستییەکە تەندروستە یان ناتەندروستە، هەمان شتیش بۆ بەرژەوەندی بە کۆمەڵی ڕاستە.

**باسی سێیەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

ئامانجی یەکەم کاریگەری بارودۆخی ئابووری لەسەر گەشەکردنی خۆپەرستی:

بە فراوانبوونی قەبارەی دانیشتوان پێکهاتەی چینی کۆمەڵایەتی فراوان دەبێت، ئەمەش جیاکاری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئابووری و سەرمایە زۆر دەکات. بارودۆخی ئابووری و سەرچاوەی داهات شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دیاریدەکات، بەهۆی جیاوازی بارودۆخی ئابووری مرۆڤەکانەوە بیروبۆچوونی جیاواز گەشە دەکات، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سەرمایەداری لە شارەکاندا. هەروەها تایبەتمەندییەکیتر لە تایبەتمەندییەکانی جیهانگیری سەرمایەداری، ئەوەیە کە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبن و هەژارەکانیش هەژارتر دەبن. ئەمەش لە قۆناغی جیهانگیری سەرمایەداریدا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت.

هەروەها شارە گەورەکان بە بەرنامە کار لەسەر ئەوە دەکەن کە وا بەکاربەرەکان کەلوپەل و پێداویستییەکانیان بە نوێترین شێوازی سەردەمیانە بن بۆنموونە (خانووی تازە، ئۆتۆمبیلی تازە، مۆبایلی تازە، جوانکاری و ڕازاندنەوە، جل و بەرگی تازە، ....هتد) بۆ ئەوەی بە ڕواڵەت وا خۆی دەربخات کە ئەو لەوانیتر جیاوازە ئەمەش نیشانەی تاکڕەوییە و دەچێتە چوارچێوەی بەکاربردنی ڕواڵەتییەوە، کە سرووشتێکی چینایەتی هەیە، ئەمە بەرئەنجامی ململانێی چینایەتییە لە ئەنجامی پەرەسەندنی نایەکسانی ئابووری و ساماندا دەردەکەوێت ، جیهان دەبێتە ئامانجی تاکی سەرمایەدار بۆ دەستکەوتنی زۆرترین قازانج و هێنانەدی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی، لەپێناو هێنانەدی خواستە خۆییەکان بۆ ئەوەی بەسەر خواستی گشتییدا زاڵبن. کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ ئەوەیە کە کەسایەتییەکی تاکڕە و خۆپەرست پێدەگەیەنێت. لەم ڕوانگەیەوە بارودۆخی ئابووری و سەرمایە کاریگەری لەسەر گەشەکردنی خۆپەرستی دەبێت.

**ئامانجی دووەم کاریگەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەسەر گەشەکردنی خۆپەرستی:**

بارودۆخی کۆمەڵایەتی- ئابووری شار شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دیاریدەکات، بەهۆی جیاوازی بارودۆخی مرۆڤەکانەوە بیروبۆچوونی جیاواز گەشە دەکات، ئەم جیاوازییەش هەڵوێستی تاکەکان دیاریدەکات کە بەچ جۆرێك هەڵس و کەوت لەگەڵ دەوروبەری خۆیان بکەن، هەرکاتێك بارودۆخەکە بگۆڕێت گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەدوادادێت، کەدەبێتە هۆی گۆڕانی ڕەفتاری مرۆڤەکان، کە ڕۆڵێکی کارا لە شێواز و هەڵویستی تاکەکانی شاردا دەگێڕن، ئەمەش بیروبۆچوونی جیاواز دەهێنێتە ئاراوە کە سەرچاوەی سەرەکی بیری تاکڕەوییە، کە تاك بەرەو نامۆبوون و دوورەپەرێزی دەبات. ئەم بۆچوونانە دەریدەخەن کە خاوەندارێتی تایبەتی جۆرە بەها و پێوەرێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت کە دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ ئەوەیە کە کەسایەتییەکی تاکڕە و خۆپەرست پێدەگەیەنێت. هەروەها ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی کە بەرهەمی خاوەندارێتی تایبەتە، تاکەکان بەرەو ئامانجە کەسییەکان ئاراستە دەکات؛ ئەمەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو لاوز و پچڕان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبات کە تیایدا هەستی چەوساندنەوە و خۆسەپاندن زیاد دەکات، مرۆڤ بەرەو خۆپەرستی دەبات، بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە.

**ئامانجی سێیەم ڕۆڵی شار لە گەشەکردنی خۆپەرستیدا:**

پیشەی جۆراوجۆر لە شارەکاندا هزری تاکگەرایی و ئاراستەی جیاواز دروست دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی زۆربوونی بێ متمانەیی لەنێوان تاکەکان. هەروەها شارە گەورەکان بە بەرنامە کار لەسەر بەکاربردنی ڕواڵەتی دەکەن. ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەتی تایبەتە بە ژیانی شار بەشێوەیەکی گشتی بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. خێزان لەشاردا دەکەوێتە ژێر کاریگەری لاسایکردنەوە و چاولێکەرییەکی کوێرانە، مەبەستمانە بڵێین خێزانە شارییەکان بەجۆرێك دەکەونە ژێر کاریگەری چاولێکەرییەوە تا لەکۆتاییدا تووشی ژیانی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبنەوە، چونکە ئەم جۆرە چاولێکەرییە لە قەبارەی دەسکەوت و ئاستی داهات و توانای بەشێك لە خێزانەکان زۆر زیاترە، لە هەندێك باردا تاکەکانی خێزان بەرەو بەرژەوەندی کەسی دەبات، بەجۆرێك هەر ئاراستەیەك بۆ پەیداکردنی پارە و سامان بگرێتەبەر تەنانەت ئەگەر لەسەر بەرژەوەندی کەسانیتریش بێت. لە شاردا پەیوەندی بەرژەوەندی خوازانە بەسەر پەیوەندییە گشتییەکان زاڵە، بەجۆرێك تاکەکانی شار هەست بەگیانی کۆمەڵی ناکەن ئەگەر سوودی خۆیی تێدانەبێ، لەمەدا ڕەوتی تاکڕەوی گەشە دەکات، لە بیر و هزری مرۆڤی شاریدا، بیری پەیداکردنی سەرمایە لە هەرە بیرکردنەوەکانی بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکان و تێرکردنی ئارەزووە خۆییەکانی دەبێت.

ئەم بۆچوونانەی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن. هەموو ئەو ڕەهەندانەی کە باسکراون کاریگەری بەسەر مرۆڤ بەگشتی و مرۆڤی شاری بەتایبەتی هەیە، چونکە لەشارەکاندا ئەم جیاوازیانە کە دەوری ژیانی ئێمەی داوە بەڕوونی هەستی پێدەکرێت. گۆڕانکارییەکان لە شاردا ئەوەندە خێران بەهیچ جۆرێك بواری بیرکردنەوە و خۆ گونجاندن نادەن، گۆڕانکارییەکان هەڕەمەکی و بێ پلانن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤی شار لەناو ئاژاوە و ململانێیەکی توندا بژیت، کە دەبێتە هۆی پێگەیاندنی کەسایەتی خۆپەرست.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## کۆتایی: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

**گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوون بریتین لە:**

1. بەپێی شیکردنەوەی ئەنجامەکان دەرکەوتووە بارودۆخی ئابووری کاریگەری لەسەر گەشەکردنی خۆپەرستی هەیە. لە خاوەندارێتی تایبەتیدا ئامانجی تاکی سەرمایەدار دەستکەوتنی زۆرترین قازانج و هێنانەدی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیەتی، ئەوەش کەسایەتییەکی تاکڕە و سوودگەرا و چاوچنۆك و خۆپەرست پێدەگەیەنێت.
2. دەرکەوتووە گۆڕانی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر گەشەکردنی خۆپەرستی هەیە، کە بەرئەنجامی پێکهاتنی بەهاو پێوەری نوێیە کە دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە سایەی خاوەندارێتی تایبەتدا، کە تیایدا هەستی چەوساندنەوە و خۆسەپاندن زیاد دەکات، مرۆڤ بەرەو خۆپەرستی دەبات.
3. دەرکەوتووە شار ڕۆڵی لە گەشەکردنی خۆپەرستیدا هەیە، ڕەهەندەکانی وەك (پیشەی جۆراوجۆر، ئاراستەی جیاواز، نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لاسایکردنەوە، خاوەندارێتی تایبەتی، ململانێ، هزری تاکگەرایی، بێ متمانەیی، بەکاربردنی ڕواڵەتی) لە تایبەتمەندییەکانی شارە، کە دەبنە هۆی گەشەکردنی خۆپەرستی.

### سەرچاوەکان:

**سەرچاوە کوردییەکان:**


1. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن. (2012). ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی. (وەرگێڕانی دانا مەلا حەسەن): دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، (سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق).
2. برۆس کۆهێن. (2014). بنەماکانی کۆمەڵناسی. (وەرگێڕانی چەکۆ ئەحمەدی): دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق).
3. پ. بیخۆفسکی. (2014). تاك و کۆمەڵگا. (وەرگێڕانی عبدوللا ئیسماعیل حەمەد): چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق).
4. تێری ئیگڵتۆت. (2015). بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو؟ (وەرگێڕانی پێشڕەو محەمەد): چاپخانەی دلێر، (سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق)..

5. ج.ب.فرانتسوف. (2021). ڕەخنەگرتن لە زانستی کۆمەڵایەتی بۆرژوازی. (د.عبدالله اسماعیل حەمەد و م.ی.کامران جوهر عبدالله و ئەوانیتر، وەرگێڕانی): چاپخانەی فێربوون، (هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق).
6. ڕەسووڵ ڕەبانی. (2013). کۆمەڵناسیی شار. (وەرگێڕانی چەکۆ ئەحمەدی): چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق).
7. ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، و دیار عەزیز شەریف. (2004). ئەنترۆپۆلۆژیا.:چاپخانەی ڕەنج، (هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق).
8. سەعید بن سەعید ئەلعەلەوی، عەبدولباقی هرماسی، بورهان غلیون ، و کەریم ئەبو حەلاوە. (2005). کۆمەڵگەی شارستانی. (وەرگێڕانی هەڵکەوت عەبدوڵلا) بێ شوێنی چاپ:بێ چاپخانە.
9. عەبدوڵلا غەفور. (2017). شارنشینی لە باشووری کوردستاندا.: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق).
10. فەرمان عەبدوڵلا محەمەد. (2008). خۆشەویستی لەنێوان خۆپەرستی و خۆنەویستیدا.: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق).
11. فەریدە ممتاز. (2007). کۆمەڵناسی شار. (کەریم قادر پور، و عوزەیر عوسمان، وەرگێڕانی) چاپخانەی حەمدی، (بێ شوێن).
12. مەجدەدین عومەر خەیری خەمەش. (2012). کۆمەڵناسی - بابەت و میتۆد لەگەڵ جەختکردنە سەر کۆمەڵگەی عەرەبی. (د.عبدالله خورشید و د.عبدالله اسماعیل و د.محمد شوانی و ئەوانیتر، وەرگێڕانی): چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق).
13. مەحمود موحەمەد ئەلزینی. (2012). سایکۆلۆژیای کەسێتی لەنێوان بیردۆز و پیادەکردندا. (سەڵاح سەعدی، وەرگێڕانی): چاپخانەی نارین، (بێ شوێن).
14. مەنوچێهر موحسنی. (2006). دەروازەکانی کۆمەڵناسی (المجلد چاپی دووەم). (ڕێبوارسیوەیلی و موسڵح ئیروانی و مراد حکیم و ئەونیتر، وەرگێڕانی) هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
15. ئەنتونی گیدنز. (2009). کۆمەڵناسی. (حەسەن ئەحمەد مستەفا، وەرگێڕانی): چاپخانەی ئاراس، (هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق).
16. یوری سورو فتسیف، الکسندر کارا جانوف، ارکادی اناستا سیف، بوریس یارو ستوفسکی، جیورجی نیدو شیفین، و یوری کوزمینکو. (1974). الاشتراکیة و الفن. (وەرگێڕانی محمد الجندی): دار التقدم (موسکو-الاتحاد السوفییاتی).

17. یوڤال نوح هەراری. (2020). هۆشمەندەکان پووختەیەك لە مێژووی مرۆڤدا. (وەرگێڕانی کارزان کاویس): چاپخانەی گەنج، (سلێمانی ، هەرێمی کوردستانی عێراق).

**سەرچاوە عەرەبییەکان (المصادر العربية):**

18. ابتهال عبدالجواد كاظم. (كانون الثاني, 2006). الاستهلاك الاظاهري تبعا لمجالاته و عوامله - بحث الميدانى في مدينة الموصل. مجلة دراسات موصلية، العدد الحادي عش.
19. ابراهيم محمد الشافعي. (1976). الاشتراكية العربية كفلسفة للتربية (المجلد ط2): مكتبة النهضة العربية، القاهرة.
20. احمد برقاوي. (2005). الأنا. دمشق: بدون مكان طبع، سوريا.
21. برتراند رسل. (2005). السلطة و الفرد. (المترجم: د.نورى جعفر): منشورات الجمل، كولونيا-المانيا.
22. تييرى باكو. (2008). الطوبيا و الطوباويون. (المترجم: خليل احمد خليل): دار الفارابى، بيروت-لبنان.
23. ج.د.ه.كول. (1971). رواد الفكر الاشتراكي. (المترجم: منير البحلبكى): منشورات مكتبة النهضة، بيروت-لبنان.
24. جميل صليبا. (1971). المعجم الفلسفي: دار الكتاب اللبنانى، . بيروت-لبنان
25. جورج باتاى. (2007). نظرية الدين. (المترجم: محمد على اليوسفي): دار معد، دمشق-سوريا.
26. حسن الساعاتي. (1980). علم الاجتماع الصناعي (المجلد ط3): دار النهضة العربية، بيروت - لبنان.
27. حسن الكحلاني. (2004). الفردانية في الفكر الفلسفي المعاصر. القاهرة - مصر: مكتبة مدبولي.
28. حسين عبدالحميد احمد رشوان. (1988). درجة المتغيرات الاجتماعية في التنمية الحضرية: مطبعة الاشعاع، الاسكندرية.
29. ديفيد انخليز و جون هيوسون. (2013). مدخل الى سوسيولوجيا الثقافة. (المترجم: د.فايز الصياغ): المركز العربي للابحاث و الدراسات السياسية، بيروت - لبنان .
30. رانيا حنفي. (17 يوليو, 2021). تعرف على الشخصية الانانية والضغوط النفسية. مجلة حرة.
31. ريتشارد سينيت. (2008). ثقافة الرأسمالية الجديدة. (المترجم: عبدالرحمن أياس): دار الفارابي، بيروت - لبنان.
32. زهية ,ش .(2006) .(مجتمع القصور في الخصائص الاجتماعية و العمرانية و الثقافية للقصور مدينة تقرت . ك .ا .قسنطنية.
33. سفن الكبرغ. (1982). الامبريالية و الثورة الاجتماعية. (المترجم: عبدالله خالد): دار الفارابي، بيروت - لبنان.
34. سولا (Sola). (07 سبتمبر, 2020). ماهي الشخصية الأنانية وكيفية التعامل معها. مجلة قصاقيص.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

35. السيد عبدالعاطى السيد. (2013). علم الاجتماع الحضرى: دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان-الاردن.
36. عبدالأمير سعيد الشمري. (2008). الفلسفة الأمريكيية - براجماتية جون ديوي في الفكرة و العمله: دار الصنوبر، بغداد-العراق.
37. عبدالعاطى السيد السيد. (2011). علم الاجتماع الحضري (المجلد الجزء الثاني): دار المسيرة للنشر و االتوزيع و الطباعة، عمان - الاردن.
38. عبدالمنعم شوقي. (1980). مجتمع المدينة: مكتبة نهضة الشرق، القاهرة-مصر.
39. عرب دعكور. (2004). تاريخ المجتمع الريفي و المدني (المجلد ط3): المواسم للطباعة و النشر، بيروت - لبنان.
40. ف.ب.توغارينوف .(1987) .(الطبيعة -الحضارة -الانسان) .(المترجم: د .ا .فريط) :دار الفارابي، بيروت - لبنان.
41. فريدريك انجلز. (2007). مبادئ الشيوعية: دار الفارابي، بيروت - لبنان.
42. فريدريك انجلز. (2013). الاشتراكية - الطوباوية و العلم: دار الفارابي، بيروت - لبنان.
43. فريدريك انجلز. (2013). موجز رأس المال. (المترجم: فالع عبدالجبار): دار الفارابي، بيروت - لبنان.
44. فؤاد زكريا. (2004). التكفير العلمي: دار الوفاء للطباعة و النشر، الاسكندرية-مصر.
45. مأمون طربية. (2011). علم الاجتماع في الحياة اليومية قراءة سوسيولوجية محاصرة لوقائع معاشة: دار المعرفة، بيروت - لبنان.
46. محمد السيد بدوى. (1998). علم الاجتماع الاقتصادى: دار غريب للطباعة، بنغازي-ليبيا.
47. محمود محمد جادر. (2012). النظرية الاجتماعية الاتجاهات و التيارات الكلاسيكية: الانتشار العربي، بيروت - لبنان.
48. منذر عبدالحسين الفضل. (1977). الوظيفة الاجتماعية للملكية الخاصة: وزارة الاعلام، بغداد-العراق.
49. ميشيل هدا لامبوس. (2001). اتجاهات جديدة في علم الاجتماع. (المترجمون: د.احسان محمد الحسن و د.عبدالمنعم الحسني و حمدى حميد يوسف الحسن) بغداد - عيراق: بيت الحكمة.
50. نجاح موسى. (2001). المنفعة الفردية عند (توماس هوبز): دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، اسكندرية.
51. نديم البيطار. (2002). المثقفون و الثورة- سقوط الانتيليجنسيا العربية: بيان للنشر و التوزيع و الاعلام، بيروت-لبنان.
52. هنرى ايكن. (بدون سنة). عصر الايديو لوجيا: كنت,هيجل,ثوبنهور (المترجم: محى الدين): دار العاليمة للطباعة و النشرن، بيروت-لبنان.

53. هوركهايمر ,م. (2006) .(بدايات فلسفة التاريخ البورجوازية.( المترجم: م .ع .اليوسفي) :دار الفارابى، بيروت -لبنان.
54. ول ديورانت. (1968). قصة الحضارة (المجلد ط3). (المترجمون: الادارة الثقافية في جامعة الدول العربية): مطبعة لجنة التأليف و النشر، بدون مكان طبع.
55. ويكيبيديا. (26 اكتوبر, 2021). أنانية. تاريخ الاسترداد 27 3, 2022، من الموسوعة الحرة: متاح على شبكه معلومات العالميه الانترنيت https://ar.wikipedia.org
56. ياسمينة غضابنة، و عليمة لمطيش. (30/ 5/ 2017). العنف الحضرى كمحصلة لمظاهر الحياة بالمدينة و طرق مجابهته. مجلة الباحث الاجتماعي(18) ، ص85-90.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان (English sources)**

57. Carlson, R. W., Adkins, C., Crockett, M. J., & Clark, M. S. (2020, October 04). Psychological selfishness. researchgate, 1-54. Department of Psychology, Yale University.
58. Codrington, S. (2005). planet geography (Vol. third edition).
59. Crocker, J., Canevello, A., & Brown, A. A. (2017). Social Motivation: Costs and Benefits of Selfishness and Otherishness. Further ANNUAL REVIEWS.
60. Fromm, E. (1994). Selfishness and Self-Love. Psychiatry. Journal for the Study of Interpersonal Process, 5, 173-197.
61. Kaufman, S. B., & Jauk, E. (2020, May 21). Healthy Selfishness and Pathological Altruism: Measuring Two Paradoxical Forms of Selfishness. Frontiers in Psychology, 11, 1-16.
62. Kushwaha, N. (without year). urban, urbanism and urbanization. population education and urbanization, 1-10. faculty of art, department of social work: Neeti Kushwaha@ rediffmail.com.
63. Layne, L. L. (without year). Introduction Self, Selfish, Selfless. 1-21. dont city, University of Cambridge: https://www.berghahnbooks.com.
64. Marans, R. W. (2011). Asia Pacific International Conference on Environment-Behaviour Studies. procedia social and behavioral scineces. 35. Famagusta: 2012 Published by Elsevier B.V. Selection.
65. Nik Mohamad, N. b., & Ayob, Z. b. (2013, May 14). Urban Life and the Changing City. researchgate, 9, 156-162. canada, Asian Social Science: Canadian Center of Science and Education.
66. Rachlin, H. (2014, may 21). Altruism and selfishness. researchgate, 239-296. New York, United States: Printed in the United States of America.
67. Ritzer, G., & Stepnisky, J. (2017). classical sociology theory. without: sage publications.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Relationship of Urban Life to Selfishness
## (A Study of Urban Analysis)

**Lect. Abdullah Esmail Hemed**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
abdulla.hamad@su.edu.krd

**Asst. Lect. Kameran Jewher Abdullah**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
kameran.abdullah@su.edu.krd

***Keywords:*** *Urbanism & Urbanization- Urban Life - Growth- Selfishness- selfish*

## Abstract:
The aim of this study is to present the impact of (economic conditions, social change, and the role of the city) in the development of selfishness. In this study, researchers seek to find a relationship between independent variables which is (urban life) and dependent variables which is (the development of selfishness). Therefore, the analytical method was used in this study.
In this study, researchers reached some crucial conclusions, such as
1. The results of this study have revealed that, in private property, economic conditions impact the development of selfishness, Because the objective of individuals in the capitalist world is to make the maximum profit and achieve personal interests, which leads to an authoritarian, utilitarian, arrogant, and selfish personality.

2. Results have shown that social change plays a critical role in developing selfishness, which is a consequence of the formation of new values, that leads to social change within the private property system, therefore it increases the sense of oppression and self-imposition.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. This study also found that some cities' characteristics such as (different professions, different directions, economic and social inequality, imitation, private property, conflict, individual thought, distrust, and apparent consumption) are contributing to to the development of selfishness.

---

## علاقة الحياة الحضرية بالنمو الانانية
## (دراسة تحليل حضري)

**ملخص:**

هدف البحث هو توضيع تأثير (الظروف الاقتصادية و التغير الأجتماعي و دور المدينة) في تنمية الأنانية. في هذا البحث وجد الباحثان كشف العلاقة بين المتغيرات المستقلة مثل الحياة الحضرية والمتغيرات التابعة مثل تطور الأنانية. لذلك اعتمد الباحثان على المنهج التحليلي.

أهم الاستنتاجات التي توصل إليها الباحثان في هذا البحث هي:

1. وفقا لتحليل النتائج ، الظروف الأقتصادية لها تأثير في تنمية الأنانية. في الملكية الخاصة ، هدف الفرد الرأسمالي هو كسب الربح وتحقيق مصالحه الخاصة ، مما يؤدي إلى شخصية استبدادية ونفعية ومتغطرسة وأنانية.

2- لقد ثبت أن التغير الاجتماعي له تأثير في تنمية الأنانية ، وهو نتيجة تكوين قيم ومعايير جديدة تؤدي إلى تغيير اجتماعي في ظل الملكية الخاصة ، حيث يزيد الشعور بالاضطهاد و فرض الذات.

3. تبين أن الخصائص الحضرية مثل (المهن المختلفة ، التوجهات المختلفة ، عدم المساواة الاقتصادية والاجتماعية ، التقليد ، الملكية الخاصة ، الصراع ، الفردية ، عدم الثقة ، الاستهلاك الظاهري) ، تلعب دورا في تنمية الأنانية.